# قەرەچوغ بووکی بەهارە. . ! سەرهەنگ حەمە سالّح





لە پێدەشتی شەوە ناموکاندا
چرکەی هەستێکی بە حەسرەت
دەرژێنە نێو
زورگەکانی ئارەزووی هەست
لە کازیوەی ئەفسوونی
ئەندێشە جوانەکان
قەرەچوغ بوکی بەهارە. . !
لەم دیوی تابلوَ جوانەکەی بازارگە
لە دەشتە کاکی بەکاکیەکەی من
مەخمور چەندە شیرینە. . !
لەم دەڤەرە. .
دەست نوێژێ بەئاوە سازگارەکەی
ئاوی بن بەرد هەڵدەگرم. .
نوێژی ئەوین
لەسەر قەلاّ دەکەم. .
گڵپەی هەنسکی منداڵیمە
لە کوچەو کولاّنەکانی ئەم شارە
دەرژێنە نێو
هەگبەی خەیالّی لاویەتیم. .
ساباتە جوانەکانی قەسران
سەر لە نوێ
لەگەڵ شەپوڵە هێمنەکانی
دەرماناوە. .
بەرووی شارا پێدەکەنن. . !
کورە دلێرانی شار
سرودی سەربەستی دەچرن
کچانی بالاّ بەرزی قەراجیش
تارای بوکێنی
بوَ قەرەچوغی بوکی بەهار
دەچنن. . . !

xamosh_serheng@yahoo. com